**"تاريخ و فرهنگ و ادب مکريان – مهاباد و ..."**

ئەم کتێبە خوالێخۆشبوو "ابراهيم افخمی" نووسيويەتی و گەرچی لە پەيوەندی ڕاستەوخۆی بۆکاندا نييە، بەڵام وەک لە بەشی پێشوودا گوتم، هەموو ئەو بابەتانەی وا سەبارەت بە شارەکانی دەوروبەر دەنووسرێن بە شێوەيەک لە شێوەکان ڕوونکەرەوەی لايەنی مێژوويی – کۆمەڵايەتی – فەرهەنگی بۆکانيشن.

کتێبەکە سەبارەت بە مەهاباد، سەردەشت و شنۆ نووسراوە و بەشی مەهابادی بە تايبەت، بۆ نووسينی مێژووی بۆکان لە دوارۆژدا سوودی هەيە. نووسەر زانيارييەکانی لە کتێبی سەمەدی (ژمارە ٨٣) و حبيب الله تابانی (ژمارە ٢٤) وەرگرتووە و زۆربەی لاپەڕەکانی تايبەت بە ژيانی کەسايەتی ناسراوی مەهاباد کردوە و وێنەی زۆری خەڵک و شوێنی چاپ کردوون، کە هەندێکيان پەيوەنديان بە بۆکانيشەوە هەيە.

بەشی سەردەشت و تەنانەت شنۆی کتێبەکەش بۆ دەرخستنی لايەنی مێژوويی و عەشيرەيی بۆکان گەلێک بەکەڵکن – بۆ نموونە عەشيرەتی گەورک کەوتوونەتە سێ گۆشەی سەردەشت و سەقز و بۆکانەوە.

کتێبەکە لە ڕاستيدا بەرگی دووهەی کتێبی ديکەی نووسەرە لەسەر بۆکان (ژمارە ١٥).

ابراهيم افخمی، "تاريخ فرهنگ و ادب مکريان"، انتشارات محمدی، سقز ١٣٧٣[١٩٩٤]، ٢١٢ ضفحه، فارسی